## گەڕان بە دوای ئەڵتەرناتیفی دیموکراسیدا

یاسین بانیخێلانی

مەلا کرێکار لە چاوپێکەوتنێکدا، کە لە ژمارە (60)ی ڕۆژنامەی (هاولاتی)یدا بلاوکراوەتەوە دەڵێت: (دیموکراسی وەك سیستەمێك کوفرە لەسەرەتاوە تا ئەخیری، لەسەر چوار بنەما دروست دەبیٚ کە ئیسلام ڕێگای پێنادا، لەسەر ئەو بنەمایانەی بۆی دروست بووە وەك هەر سیستەمێکی ڕۆژئاوایی وەکو ئەو سوسیالیستەی، کە مارکس و ئەنجلز داوایان دەکرد دروست ببیٚ یان لەسەر هەر فکرو بیروباوەڕێکی تری غەیرە ئیسلامی بەلای ئیسلامەوە، ئیسلام پێی وایە هەموو بنەماکانی کوفرە).

پێش هەموو شتێك ئەوەی گرنگ بێت قسەی لەسەر بکەین، ئەو پێناسەی دیموکراسییەیە، کە مەلا کرێکار بە چوار دێڕ بۆی کردووین لەگەڵ ئەوەشدا دابەشی کردووە بەسەر چوار بنەمادا، کە ئیسلام لەگەڵ هیچیاندا نایەتەوە، بێئەوەی پێمان بلیٚ: ئەو چوار بنەمایە چییەو بۆچی ئاینی ئیسلام ڕێگایان پێنادات، تا ئێمەش بتوانین زیاتر و فراوانتر قسەیان لەسەر بکەین! . لەلایەکی تریشەوە ئەگەر یەکێك لەو چوار بنەمایانە ئەوە بێت وەك خۆی دەڵێت: (سیستەمێکی ڕۆژئاواییە) ئەوا دەتوانین قسە لەزۆر شتی تر بکەین، کە هەم سیستەمی ڕۆژئاواییەو هەم عەقڵی ڕۆژئاوا بەرهەمی هێناوە کەچی ئەوان ڕۆژانە بەکاری دەهێنن و لەگەڵیدا دەژین وەك چەك، تەلەفۆن، ئوتۆمبیل و کۆمپیوتەرو چەندەها ئامێر و دەزگای تر، ئیتر بۆ دەبێت هەرچییەك لەبەرژەوەندی ئەوان نەبێت بچێتە خانەی کوفرو هەرچییەك لەبەرژەوەندییان بێت خۆیانی لەئاست بێدەنگ بکەن یا بگەڕێن بەدوای شیکردنەوەی ئایەتێکدا تا لەگەڵ دەقەکانی قورئاندا بیگونجێنن. یا چی شتێك ماوە ئەمڕۆ لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاری بهێنین و عەقڵی ڕۆژئاوا لەپشتییەوە نەبێت، هەر لە منالٚ بوونەوە لەنەخۆشخانەکاندا تا ئەو کاتەی دەمرین و خۆیان گوتەنی کفنەکە دەکەنە بەرمان، هەمووی بە کفنەکەشەوە بەرهەمی بیری ڕۆژئاوایە. ئایا مەلا کرێکار دەتوانێت دەستنیشانی یەك بەرهەممان بۆ بکات، کە بیری جیهانی ئیسلامە جگە لە شمشێر نەبێت؟!. ئایا مەلا کرێکار دەتوانێت ناوی کارگەیەکمان بۆ دەستنیشان بکات بیری جیهانی ئیسلام بەرهەمی هێنابێت، کە سادەترین شتێك، منالانی ڕۆژئاوا لە مالەوە بۆ کات بەسەربردن دروستی دەکەن بەرهەم بهێنێت؟. ئایا مەلا کرێکار دەتوانێت ئاماژە بە سادەترین و سەرەتایترین زانستێك بکات، کە جیهانی ئیسلام دۆزیبێتییەوەو مرۆڤایەتی سودی لێوەرگرتبێت؟. ئەگەر نا! بۆچی ئەو هەموو پێشکەوتنەی عەقڵی ڕۆژئاوا بە هەموو نێگەتیفەکانییەوە ژیانی لەبەردەم مرۆڤدا ئەوەندە ئاسان کردووە خودی مرۆڤ سەری لێی سوڕدەمێنیٚ، هەر بۆنمونە: ئەو چاوپێکەوتنەی خۆی لە هاولاتیدا، کە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی11.2.2002 بلاو کرایەوە منێکی ئەڵمانیا نشین بتوانم لە هەمان ڕۆژدا بیخوێنمەوە، کە ڕەنگە ئەوێکی ئێستا کوردستان نشین ڕۆژێك دواتر



©Kurdistan Net

بەردەستی کەوتبێت کوفر نەبێت بەڵام دیموکراسیەت، کەلەسەر بنەماکانی ئازادی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە دەستبەر دەبێت، ببێتە مایەی کوفر. بۆیە حەزدەکەم لەسەر ئەو دیموکراسییەش، کە مەلا کرێکار تێگەیشتووە چەند وشەیەك بڵێم: ئەگەر چی ئەو چەند وشەش وەك (جەلالی مەلەکشا) دەڵێ: (باسکردنی خۆرەتاوە بۆ شەمشەمە کوێرە)، چونکە من دیموکراسی وەك مەلا کرێکار بە سیستەمێکی ڕۆژئاوایی نابینم، بەڵکو وەك ڕیفۆرمێکی سیاسی\کۆمەڵایەتی دەبینم، کە ماف و ئازادییەکانی گەل بەگشتی و تاك بەتایبەتی دەستبەر دەکات تا هەرتاکێك لە جێگای خۆیەوە خاوەنی بڕیار بێت لەبەشداریکردنی ئەو چوارچێوەی دەوڵەتەدا، کەپەرلەمان دەبێتە ناوەندی، بەمەش گەل لەدەست ملهوڕی تاکدەسەڵاتی و دیکتاتۆری و شەڕو کوشتار ڕزگاری دەبێت و خۆی دەبێتە خاوەن بڕیار لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتدا. لەسەرێکی تریشەوە گرنگی دیموکراسی لەوەدایە جگەلەوەی مرۆڤ فێری ڕادەربڕینی ئازادانە دەکات مرۆڤ فێری ڕێز لەیەکگرتن بە بێ جیاوازی ڕەگەزو ئاین دەکات. دیارە مەلا کرێکارو گروپەکەی زۆر لەو ئازادییە دەترسن بۆیە هەمیشە وەك هەموو گروپە توندڕەوەکانی تر پەلاماری ئەو ئازادییە دەدەن، چونکە ئازادی لای ئەوان واتایەکی تری هەیە، هەر وەکو لای حیزبە کوردییەکانی کوردستان کاتێك لەسەر وتارێك نووسەرێك ڕاو دەنێن یا زیندانی دەکەن، ئەگەر بڕیاری کوشتنی نەدەن یا بە بێدەنگی لە ماڵەکەی خۆیدا یا لە پێچێکدا تیرۆری نەکەن. کێشەی ئێمەی کورد وەك هەر ڕۆژهەڵاتییەکی تر تەنها لەسەر دیموکراسیبوون و نا دیموکراسیبوون نەوەستاوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کێشەکانی ئێمە بەگشتی لەسەر ئەو پرسیارانە وەستاوە، کە گومانەکانی ئێمە دروستی دەکەن! لەکاتێکدا ئێمە کەوتووینەتە ناو جیهانێکی ئەوەندە فراوانەوە نە سەری دیارەو نە کۆتایی، کەچی ئەوان دەیانەوێت لە سوچێکی ئەو جیهانەدا بەندمان بکەن و پەرژینێکی وامان بۆ دروست بکەن وەڵامی ئەودیوی سنورەکانیش بداتەوە، کە بە دڵنیاییەوە دەیڵێم: هیچ دەقێکی ئاسمانی ناتوانێت وەڵامی لەسەدا یەکی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە ئەمڕۆ ڕووبەڕومان دەبنەوە یا تەکنەلۆژیا لە زەینماندا دروستی دەکات. مەلا کرێکار دەڵێ: (ئیسلام لایەنی سیاسی و ئابوری و ژیاری، هەموو شتێکی خۆی ڕۆشنبیری خۆی عیبادات بیروڕاو هەڵسوکەوت و داب و نەریت و ڕەفتارو سیستەمی حوکم و ئیدارەیی و هەموو شتێك کە هەیەتی موتەکامیلە). بە ڕاستی بۆ کەسێك، کە تا ئێستاش لە سەردەمی ئەشکەوتی (حەڕا) بژی ئەو قسەیە زۆر لەوە ڕاسترە، کە ئەو دەیڵێت، بەڵام ئاخۆ مەلا کرێکار خۆی گێل دەکات یا ئێمە بەگێل دەزانێت باسی بەجیهانبوون (Globalization) و کۆپیکردنی مرۆڤ ناکات و پێمان ناڵێ وەڵامەکانی ئاین بۆ ئەوانە چییە؟. من دڵنیام لەوەی هیچ وەڵامێکی پێنییە، ئەگەر وەڵامیشی پێبێت دوو وەڵامە:

یەکەمیان: ئەوە کوفرەیکی ئەوەندە گەورەیە لێخۆشبوونی مەحاڵەو دەبێت برا موسوڵمانەکان، لە پێناو لەناو بردنی ئەو شەیتانەی دەیەوێت دەستکاری کاری خوا بکات جیهادی خۆیان ڕاگەیەنن.

©KurdistanNet

دووەمیان: گەڕان بەدوای تەفسیرکردنەوەی ئایەتێکی قورئاندا، بۆ ئەوەی پێمان بڵێت: ئەوەی ئەوان ئەمڕۆ پەیان پێبردووە، ئەوە خوای تەعالا هەزارو چەندسەد ساڵێکە لە قورئاندا ئاماژەی پێکردووە، هەر وەکو چۆن کاتی خۆی وشەی (نور)یان بە هاو واتای کارەبا شوبهاند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جیهانی ئیسلام تا ئێستاش نازانن چرایەك دروست بکەن.

بەڕای من یەکێك لە هەرە هۆ گرنگەکانی دواکەوتنی جیهانی ئیسلام ئەو گەڕانە سەمەرەیە بەدوای هاو واتاکردنی هەر زانستێکی نوێ لەگەڵ دەقەکانی قورئاندا. بۆیە هەتا جیهانی ئیسلام لەبری ئەوەی لەگەڵ لەدایك بوون یا دۆزینەوەی هەر زانستێکی نوێ هەوڵی پەرەپێدان و بەرەو پێشبردنی بدات بەدوای ئەوەدا بگەڕێت، کە دەشێت لە قورئاندا باسکرابێت یانا، هەر لەو جەهالەتەدا دەمێننەوە. مەلا کرێکار بەهۆی ئەوەی چەند ساڵێك لە وولاتێکی ڕۆژئاواییدا ژیاوە زۆر باش لە پێشکەوتنەکانی عەقڵی مرۆڤ تێگەیشتووەو دەزانێت ئێستا جیهان کراوە بە ئۆردوگایەك، هەر کەسێکی ئەم گێتییە دەتوانێت تێیدا ببێتە پەنابەر بۆ ئەوەی لە ڕەوتی شارستانییەتی مرۆڤایەتی، کە بەو پەڕی خێراییەوە تێدەپەڕێ دوا نەکەوێت، کەچی تازە بە تازە وەك ئەوەی ئێمە لەسەردەمی ئەشکەوتەکاندا بژین هۆشیارمان دەکاتەوە، کە (دیموکراسیەت لە ئەوەڵیەوە تا ئاخیری کوفرە) بە بێ ئەوەی پێناسەیەکی کوفرمان پێبدات، جگە لەو پێناسە سەلەفییەی ئیسلامەکان بۆ نا ئیسلامییەکانیان دەکرد، لە کاتێکدا ئێمە دەمانەوێت مرۆڤ ئازادانە بیربکاتەوەو بە ئازادانەیش بیروڕای خۆی دەرببڕێت، کە ئەمە سەرەتایترین هەنگاوە بەرەو دیموکراسیەت، هەر بۆیە ناکرێت ئێمە دڵی خۆمان بەوە خۆشکەین، کە مادام چەند کەناڵی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو گۆڤاری جیاواز لەکوردستاندا هەن بڵێین ئیتر دیموکراسی هەیە، چونکە دیموکراسیەت بە پەخشکردنی چەند کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەو گۆڤار مەیسەر نابێت، ئەگەر زەمینەیەك بۆ خودی دیموکراسی خۆش نەکرابێت، کە هەموو تاکێك بە بێ جیاوازی ڕەگەز، ئاین، زمان و ئایدۆلۆژیای جیاواز بەشداری تێدا بکات، کە دڵنیام مەلا کرێکار دوژمنی سەرسەختی ئەوانەشە، کە زەمینە بۆ دیموکراسی خۆش دەکەن، چونکە لای ئەو شتێك هەیە ناوی یەقینەو لەو یەقینگەراییەوە دەڕوانێتە هەموو بزوتنەوەکان، ئەمەش لەکاتێکدا دەڵێ: (قول الله احد). بەم وتەیە دەیەوێت پێمان بڵێت: ئەوەی لەدەرەوەی ئەو وتانەوە بیربکاتەوە یا بپەیڤێت ئەوە دوژمنی ئاینی ئیسلام و ئێمەیە، لەبەر ئەوەی (خوا) لای مەلا کرێکار بوونەوەرێکی کاملە هەر بوونەوەرێکی کاملیش بە چەمکە (دیکارت)ییەکەی بوونەوەرێکی یەقینە، هەر بوونەوەرێکیش بە یەقینی گەشت، کەواتە بوونی هەیە، بۆیە بە ڕای من ئەمەیە ناوەڕۆکی کێشە\ململانێکانی نێوان ئیسلامییەکان و نائیسلامییەکانە بەواتای ئەوان عیلمانییەکان، چونکە قسەکردن لەهەر ئایەت و یاسایەکی ئیسلام بە پێچەوانەی ئیسلامییەکانەوە، قسەکردن و گومانکردنە لە بوونی خوا، ئەگەرچی تۆ بۆ خۆیشت بڕوات بەخوایەك هەبێت. ئەگەر وا نییە بۆ دوژمنی ئاینی



©kurdistanNet

مەسیحی و جولەکەو ئاینەکانی ترن، خۆ ئەوانیش بڕوایان بە هەمان خوا هەیەو وەك ئەوانیش خوا لایان بوونەوەرێکی یەقینە؟.

لەسەرێکی ترەوە ئەمانە کاتێك خۆیان کردۆتەوە میراتگری ئیسلام و وەکیلی خوا گەورەترین زیانیان لە ئاینی ئیسلام داوە، بە شێوەیەکی وا هەر ڕۆژئاواییەك چاوی بە هەر تاکێکی ڕۆژهەلاتی دەکەوێت یەکسەر وەك ئوسامەو تالیبان و مەلاکریکار وێنای دەکات، ڕاستە ئەو جۆرە وێناکردنە بۆچوونێکی هەلەیە، چونکە مەرج نییە هەر کەسێکی ڕۆژهەلاتی بڕوای بە ئاینی ئیسلام هەبێت، لەگەل بۆچوونەکانی ئەواندا یەکبگرێتەوەو وەك ئەوان بڕوای بە توندوتیژی و تیرۆر هەبێت، بەلام لەگەل ئەوەشدا خۆ ناساندنی ئەم گروپانە بەناوی ئیسلامەوە لە ڕێگای ڕوخاندنی بتەکانی بوزا لە ئەفغانستان، کە بە بەشێك لە شارستانییەتی مرۆڤایەتی دادەنرا و تیرۆرکردنی تۆریستەکانی ڕۆژئاوا لە میسرو هێرشکردنە سەر ناوەندی بازرگانی جیهان(Trade Center) لە ئەمەریکا لەسەروی هەمووشیانەوە دیلکردنی ئافرەت لەژێرچاشێوو بەردەبارانکردنیان بەناوی زیناو بەدڕەوشتییەوە سەرەتا لەئێران وپاشان لە ئەفغانستان کاریگەرییەکی نێگەتیفی کوشندەی لەسەر زەینی هەر ڕۆژئاواییەك دانا، کە دەشێت هەموو ئیسلام بەو شێوەی ئەوان بیربکاتەوە. بۆیە پرسیارەکە لەوەدایە: ئایا ئەلتەرناتیفی مەلا کرێکار بۆ دیموکراسی چییە تا ئەو وێنە ناشیرینە لە زەینی ڕۆژئاوا بەتایبەتی و خەلکی کورد بەگشتی بسڕێتەوە بۆ وێنەیەکی دادپەروەری و دنیایی، لە کاتێکدا گروپەکانیان بە هەمان شێوەی ڕۆژئاوا خۆیان بە خەلکی موسولمانی کوردستان ناساند؟. بێگومان بۆ وەلامی ئەم پرسیارە، ئەو پرسیارەیە، کە لە ئوسامە بن لادن کرا: (کام وولاتی ئیسلامی، ئیسلامی ڕاستەقینەیە؟. وەلام: (وولاتێك بەڕاستی ئیسلامی ڕاستەقینە بێت ئەفغانستانەو تەنها ئەفغانستان نوێنەری ڕاستەقینەی ئیسلامە) <لەچاوپێکەوتنێکی ئوسامەدا. قەناتی الجزیرە>. واتە ئەلتەرناتیفی دیموکراسی ئەو شێوە فەرمانڕەواییە، کە لە ئەفغانستاندا بەڕێوە دەچوو، مەلا کرێکاریش لەکوردستاندا دەیەوێت هەمان فەرمانڕوایی بەڕێوە بچێت و هەر یاساو سیستەمێك لەدەرەوەی ئەو فەرمانڕەواییەوە دروست ببێت، ئەوە دەچێتە خانەی کوفر. بێئەوەی ئەوە لە بیری خۆی بەرێتەوە، کە نە سەردەمەکە سەردەمی تالیبانەو نە خەلکی کوردستانیش وەك ئەفغانییەکان بیردەکەنەوە، چونکە لەکۆتایی حەفتاکاندا خەلکی ئێرانیش بەهەمان شێوە بیریان دەکردەوە، بەلام ئێستا هەر خۆیان دەزانن چی تالاوێکیان نۆشیوە!. ئەگەر پێشی وا بێ ئەو هەل و مەرجە نالەبارەی کوردستان، کە شەڕی کورد کوژی لێکەوتەوە ئەوان وەك هێزی سێهەم دەرکەوتن، ئەوا وەهمێکی گەورەیە، کە دەتوانن ببنە ئەلتەرناتیفی دیموکراسی، چونکە سەرەڕای باری نالەباری کوردستان، خەلکی کوردستان ئەوەندە هوشیار بووەتەوە هیچ نەبێت بتوانێت ئەزموونێك لە دەسەلاتی ئەو دەسەلاتانەی وەك ئێوە بیریدەکردەوەو بەلێنی دین و دنیاییان دەدا، بەلام ئەم سەرزەمینەیان لێکردن بە دۆزەخ وەربگرن.

6.4.2002 Heidelberg

تێبینی

©Kurdistan.Net

ئـەم باسـە دەبوايەت لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاو ببوایەتەوە، بەڵام بەداخەوە پێش سێ هەفتە بە مایڵ بۆم ناردن وەك هـەر بابەتـێكی تـر گوتـیان نەگەیشتووە، بۆیە ناچار بە فاكس پێش دوو هەفتە بۆم ڕەوانە كردن ئەوجا بڵاو نەكرایەوە، ئەگەرچی بۆخۆم لە بڵاونەكردنەوەی دڵنیا بووم، بۆیە ناچار بۆ ئێرەم نارد.

©Kurdistan Nêt